شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بست، وباڵ بە باڵ،

لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، بست بە بست، وباڵ بە باڵ، هەتا ئەگەر ئەوان بچنە ناو کونی زەبەوە-بزن مژەوە- ئێوەش شوێنیان دەکەون»، ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، جولەکە ونەسڕانیەکان؟ (فەرمووی: «ئەی کێ؟ (واتە: بەڵێ، ئەوان).»

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی حاڵی هەندێك خەڵك دەکات لە ئومەتەکەی ؛ لەپاش سەردەمی ئەو، ئەویش ئەوەیە شوێنی ڕێبازی جولەکە وگاوڕەکان دەکەون لە بیروباوەڕ وکردەوە وخوو وکلتوورەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ورد ؛. بست بە بست، وباڵ بە باڵ، تەنانەت ئەگەر ئەوان بچنە نێو کونی زەبەوە-بزن مژە- ئەمانیش شوێنیان دەکەون

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3355